# وێنەی میدیایی ژن لە تەلەڤیزیۆنی كوردیدا
# ڕووپێوی و لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانییە

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دكتۆر بەهات حەسیب قەرەداخی**
زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر، كۆلێژی تەكنیكیی كارگێڕی، بەشی تەكنیكی میدیا
bahat.ali@epu.edu.iq

**پوختە:**
بەشێک لە میدیای بینراوی کوردی ساڵانێکە خەریکی فۆرمەلەکردنی وێنەیەکی نەرێنییە بۆ ژن کە دەبووایە ویناکردنەکە بە جۆرێک بووایە وەک مرۆڤێک لێی بڕوانێ کە ئەرک وبەرپرسیارێتی و دەرفەت و مافی ڕەوای خۆی هەبێت لە ناو کۆمەڵدا، نەک لەپلەیەکی خوار پیاودا دابنرێ و تواناو بەهرەو ئاواتەکانی بێ ئەرزشبکرێن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە تیشک و سەرنجمان بخەینە سەر پێگەی ژن و ئەو وێنە میدیاییەی تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی ناو هەرێم، بە ئاسمانی و لۆکاڵییەوە، بۆیان داڕشتووە. بۆ ئەو مەبەستەیش چاودێریی بەرنامەکانی 3 کەناڵی لۆکاڵی و 3 کەناڵی ئاسمانیمان کردووە. لە ئاکامدا گەیشتین بەو دەرئەنجامەی ئەو کەناڵانەی سامپڵی توێژینەوەکەمان بوون، بازاڕسازیی بە وێنەیەکەوە دەکەن کە ستەمێکی زۆر لە ژنان دەکات و بەشدارن لە چەسپاندنی ئەو وێنا نەرێنییەی ساڵانێکە لە خەیاڵدان و یادگەی تاک و جەماوەردا نەخشێندراوە.

**الملخص:**
قسم من الإعلام المرئي الكوردي يشوه الحقائق منذ سنوات ويرسم صورة سلبية وغير عادلة للمرأة التي كان ينبغي أن ينظر إليها على أنها إنسان لها واجبات ومسؤوليات و لها حق متساو من فرص العمل و الإبداع داخل المجتمع، وليست تابعا للرجل، محرومة من مواهبها ورغباتها. حاولنا في هذه الدراسة التركيز على موقع المرأة والصورة الإعلامية التي شكلتها القنوات التلفزيونية الكوردية الفضائية منها والمحلية. ونتيجة لذلك، توصلنا إلى استنتاج مفاده أن عدده من التلفزيونات الكوردية تقوم بالتسويق لصورة إعلامية تضطهد المرأة وتشارك في ترسيخ صورة ذهنية تقليدية سلبية في عقل وخيال وذاكرة الأفراد والجمهور.

**كێشەی ئەم توێژینەوەیە:** بەبڕوای ئێمە بەشێک لە میدیای بینراوی کوردی بەهەر هۆیەک بێ، لەڕێگەی پرۆگرامەکانیانەوە بوونەتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ سەرلەنوێ چەسپاندنی ئەو هزرەوێنەیەی کۆمەڵی نەریتیی کوردی لە خەیاڵدانی تاک و کۆی ئەم کۆمەڵەدا دەرهەق بە پێگەو جیگەی ژن نەخشاندوویەتی. بگرە سەرباری ئەوەش زۆر چالاکانە بەئاگاییەوە یان لە بێ ئاگاییەوە ئەو هزرە وێنە نەریتی و نەرێنییەی گۆڕیوە بۆ وێنەیەکی میدیایی ئەوتۆ کە مامەڵکردن لەگەڵیداو هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەیان، یەکجار سەختترە لە هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی هزرە وێنە نەریتییەکان.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:** لە ڕوانگەی کێشەی توێژینەوەکەمانەوە، هەوڵی وەڵامدانەوەی دوو پرسیاری سەرەکی دەدەین:
1- ئایا تەلەڤیزیۆنی کوردی ژنی لە چ پێگەیەکدا داناوە ؟
2- ئایا تەلەڤیزیۆنی کوردی وێنای کەسێتیی ژنیان چۆن داڕشتووەو لەکام چوارچێوەیان گرتووە؟

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:** هەڵبەتە ڕوونە کە ئامانجی هەر توێژینەوەیەکیش گەیشتنە بە وەڵامی پرسیارەکانی، بۆیە توێژەر ئامانجی ئەوەیە بزانێت تەلەڤیزیۆنی کوردی ژنی لە چ پێگەیکدا داناوەو چ وێنایەکی بۆ داڕشتووە؟

**میتۆدو کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە:** ئەمە توێژینەوەیەکی وەسفییەو لە هەوڵی ئەوەدایە وەسفی دیاردەیەکی نەرێنیی بکات کە ساڵانێکی زۆرە لە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکاندا بەردەوامیی هەیە لە داڕشتنی وێنایەکی میدیایی شێواو نادرووست بۆ ژن. کۆمەڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی ناو هەرێمی کوردستان، سامپڵیشیمان 6 تەلەڤیزیۆنی کوردیی ئاسمانی و لۆکاڵییە(کوردماکس شۆ، کوردسات HD، NRT2) (RENG، @TV، DEMAN) کە بۆ ماوەی 5 ڕۆژ لە مانگی 8 ی 2022 دا لە 8 ئێوارە تا 12 ی شەو چاودێریی وردی بەرنامەکانی هەریەکەیانمان کردووەو تێبینییەکانمان لە چەند خشتەیەکی ئامادەکراودا تۆمارکردوون و پاشان پۆلێن و شیمانکردوونەتەوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**باسی یەکەم**

**میدیا وەک داڕێژەری هۆشیاری و بەها:**

مرۆڤەکان لە میانەی گەشەکردن و مامەڵکردنیاندا، بەناچاری دەکەونە ژێر کۆمەڵێ کاریگەرییەوە، لەوانەش کەلتوورو بەهاو پێوەرە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەرو ژینگەکەیانە، بە واتای ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی هەر کۆمەڵێک بەبێ خواست و ویست و هەڵبژاردنی خۆیان، بەبێ لێکدانەوەو پرس و گومانبردن، ئەو پێوەرو بەها ئایینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانە پەیڕەودەکەن کە زۆر پێش هاتنە دنیای ئەمان، لەناو خێزان و دەوروبەرو خێڵ و شار و وڵاتەکەیاندا بوونەتە یاساو ڕێسای نەنووسراو، بەڵام لە ناخ و ڕەفتاری ڕۆژانەی زۆرینەی خەڵکدا تۆمارکراوو چەسپاون.

هەر ئەو بەهاو پێوەرە پێشوەختانەن کە بڕیار لەسەر سەنگ و بایەخ و ڕۆڵ و پێگەی تاک و توێژو چینەکانی ناو کۆمەڵێک دەدەن. یەکێ لە کاریگەرترین و مەترسیدارترینی ئەو بڕیارو حوکمە پێشوەختانەی کۆمەڵ دەیاندات و لای زۆرینەی خەڵک بەرگی پیرۆزییان بەبەردا دەکرێت، خۆی لە هزرە وێنەدا (الصورة الذهنية) دەبینێتەوە. بەو جۆرە لە قۆناغێکی دیاریکراوی کورت یان درێژخایەنی ژینگەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا وێنەیەکی هزری لەسەر سەنگ و ڕۆڵ و جیگەو ڕێگەو پێگەی تاکەکان دادەڕێژرێ و دەبێتە جێگرەوەی ڕاستی ودروستی کەس و دیاردەکان.

هەڵبەتە بۆ سەردەمی میدیای بینراوو بیستراوو خوێندراو، هەروەها بۆ سەردەمی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای زیرەکیش هەر هەمان ئەو کاریگەری و هەژموونەی سەردەمانی پێشوو لەئارادان کە بڕیاری یەکلاکەرەوەیان دەداو دەدەن. تەنها ئەوەندە هەیە، کارەکتەرە کاراکانی ئەم هەژموونە کەلتوورییەی ئێستا، وەک جاران بە بەردەوامی بە بەرچاومانەوە نین و ڕەنگە بەناو نەیانناسین. کارەکتەرە کاریگەرەکانی ئەم سەردەمە هەمان ڕۆڵی کارەکتەرە کاریگەرەکانی پێشتر دەگێڕن بەڵام کەرەسەو ئامرازو مەیدانەکانی جوڵەو کاریگەرییان لە (ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەوە) گواستراوەتەوە بۆ (ژیانی وێنەیی) لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنو لاپتۆپ و مۆبایل و (ژیانی دەنگیی) لەپشتی مایک و (ژیانی دەمامکداری سایبیری وڤێرچواڵی و مێتاڤێرس) ی ناو دنیای مەجازیی ئینتەرنێت و زیرەکیی دەسکرد. بۆیە کاڵاو بەرهەمی کۆتایی پرۆسەی کارتێکردنەکەیش وەک بەرهەم و کاڵا باوەکەی جاران نیە کە بریتی بوو لە (هزرە وێنە)، بەڵکو کاڵاو بەرهەمی شاشە و مایک و ئینتەرنێت، بریتییەلە (وێنەی میدیایی) (الصورة الاعلامية) کە زۆر خێراترو بێباکانەتر بێ فلتەرو بێ سانسۆری یاسایی، کۆمەڵایەتی، فیکری و ئاکارییەو بە تێچوویەکی زۆر کەم هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت.

لەم بوارەدا لە وڵاتی ئێمە، هەتا ئەمڕۆ، میدیای جەماوەری – ماس میدیا (شاشەی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆو چاپەمەنی)، بڕیاردەرێکی سەرەکیی ئەجێندای کۆمەڵە. لەناو کۆمەڵە تڕادشناڵەکاندا دەگوترا (خەڵک لەسەر دینی پادشاکانیانن – الناس على دين ملوكهم) بەڵام پادشای ئەمڕۆ لەسەر عەرشی ناو کۆشک وتەلار دانانیشێت، پادشاکانی ئەمڕۆ لەناو ستۆدیۆو لە پشتی مایک و کۆمپیوتەرو مۆبایلەکانیانەوە دادەنیشن. ئەگەر ئەمڕۆ تەلەڤیزیۆن بڵێ ماست ڕەشە، ئیدی تا ئەو کاتەی لە بەرژەوەندیی ئەو شاشەیە بێ هەر ڕەش دەمێنێتەوەو زۆری دەوێت تا پێچەوانەکەی بۆ خەڵک دەسەلمێنرێت. ئەمڕۆ خەڵکی لەسەر دینی شاشەی تەلەڤیزیۆن و لاپتۆپ و مۆبایلەکانیان (الناس على دين شاشاتهم) !

میدیا لەتوانایدا ئاستی هۆشیاری و باری دەروونی وسۆزداریی مرۆڤ لە بۆتەبدات و کەسایەتییان دابڕێژێتەوەو هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەیان ئاراستەبکات، بەڕادەیەک کە دەگوترێت پێم بڵێ تەماشای چی دەکەیت؟ پێت دەڵێم تۆ چییت وکێیت ! لە خۆڕرا نیە کە میدیا بووەتە دەستەڵاتی چوارەم، بەڵکو لەبەر گرنگی و هەستیاریی ئەو ڕۆڵەیە کە لەژیانی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا دەیگێڕێت. (ماريو أنور، 2005م)

لەڕووی زانستی ڕەخنەکردنی میدیاوە دەتوانیین لەسێ ئاستدا هەڵسەنگاندن بۆ ماس میدیاو میدیای نوێی کوردی بکەین: یەکەمیان، میدیا وەک مەیدان و گۆڕەپانێک بۆ نمایش و خۆ ناساندنی بیروبۆچوون و خواست و داواکان، دووەمیان وەک ئامرازێک بۆ بانگەشەو ریکلام و مارکێتینگ بۆ کەس و لایەن و کاڵای ماددی و هزری، سێهەمیشیان وەک لایەنگرو تەرەفدار بۆ کاڵاو هزرو بەهاو ئایدیاو دروشمەکانی لایەنێکی ململانێی سیاسی، ئابووری، یان ئایینی.

میدیای کوردی بەگشتی و شاشەی کوردی بەتایبەت، بەدرێژایی 30 ساڵی ڕابردوو، کەم تا زۆر، بەڕێژەی جیا جیا لە هەر سێ ئاستەکەدا ئەجێندای خۆی پەیڕەوکردووەو گوتاری خۆی بەرهەمهێناوە. میدیاو شاشەی کوردی داڕێژەری سەدان (وێنەی میدیاییە) و کۆی ئەو وێنە میدیاییانەش لە سیستمێکی ئاڵۆزی بەهاکانی ئەم سەردەمەدا جێیان بۆ کراوەتەوەو پێکرا تەوژم و هەژموونێکی هزریی ئەوتۆیان هێناوەتە ئاراوە کە دیاردەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاکاریی زۆر مەترسیداریان لێکەوتۆتەوە.

ئەگەر لەسەر ئەو پرنسیپە ڕێکبکەوین کە ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەری گونجاوترین و لەبارترین دەروازەیە بۆ چوونە ناو کرۆکی ئەم کێشەیەوە بە مەبەست و نیازی لە ڕیشەوە چارەسەرکردنی لەناو کۆمەڵدا، ئەوا دەبێت یەکەمین هەنگاومان لەسەر

ڕاستە ڕێی پەرەپێدانی کەلتووری، چاکسازیی بێت لە زمانی گوتاردانداو، گوتاردان بە ئاخاوتن و بە وێناکردن و بەرجەستەکردن لەیەک کاتدا لە پەیامی ئەدەبی و هونەری و تەنانەت لە شێوازی بیرکردنەوەو ژیانی ڕۆژانەشماندا. بەشێکی هەرەزۆری ئەو ئەرکەیش دەکەوێتە ئەستۆی میدیا بە هەردوو ڤێرژنی نەریتی و نوێوە.(یوسف مكي،2005)

ماس میدیا و میدیای نوێ ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە گۆڕینی شـێوازی ژیان و هزرینی تاک وکۆمەڵ و گۆڕینی بەها بەسـەرچووەکان و هێنانەئارای بەهای نوێدا، بەتایبەتی لەو قۆناغە مێژووییانەدا کە تەمومژو سـەرگەردانی ژیانی مرۆڤەکان دەداگرێت (عاطف، 1993، ص 245)

**باسی دووەم**

**وێنەی میدیایی:**

جاران وێنە بە دوای ڕاستی وریالێتیدا دەهات، کەچی ئێستا هاوکێشەکە سەروژێر بووەو ریالێتی و ڕاستی بەدوای وێنەدا دێن. واتا خودی ئەو وێنەو وێناکردنانەی لە شاشەی تەلەڤیزیۆن و لاپتۆپ و مۆبایلە زیرەکەکانمانەوە نمایشدەکرێن و دەیانبینین، هۆکاری سـەرەکین لە خولْقاندن و دارشـتنەوەی ژیانی ریالێتی و ڕاستیەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا. چیدی وێنە لاسـاییکردنەوەی ژیان نیە، بەڵکو تا رادەیەکی مەترسـیدار، ژیان بووەتە لاسـاییکردنەوەی وێنەو وێناکردنەکانی ناو میدیا. ئەو ڕاسـتییەش بە ئاشـکرا لە رەفتارو خولیا و سـتایلی ژیانی گەنجاندا ڕەنگی داوەتەوەو ڕۆژانە دەیبینین و بووەتە دیاردەیەکی زۆر ئاسـایی و قبووڵکراو. لاساییکردنەوەی ستایلی قژبرین و پۆشاک و هەڵسوکەوت و ئۆتۆمبیل لێخوڕین و پەیوەندیی سۆزداری و سێکسیی ئەکتەرە بەناوبانگەکانی دراما بیانی و فیلمەکان، یاریزانە ناسراوەکان، ئەستێرەکانی ڕاپ و شاشەکان، باشترین بەڵگەن لەسەر ئەو بۆچوونەمان. کاریگەری هەژموونی میدیا تەنها لەوێدا قەتیس نەبووە، بگرە وێناکردن و وێنەسـازیی میدیایی نەک هەر توانوێتی سـەرلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریمان دارێژێتەوەو کات و وزەو توانستی مرۆڤی ئەم سـەردەمە قۆرخبکات، بەڵکو لەوەش مەترسـیدارتر ئەو لێشـاوە وێنە خێراو دووبارەو چەند بارە بووەوەیە کە بەری چاوو ئاسـۆی بیرکردنەوەو خەیاڵدانمانی تەنیوەو لەبریی ئێمە خەون دەبینێ و خەیاڵدەکات و دیاردەو ڕووداوەکان لێکدەداتەوەو بڕیار لەسەر خێروشەڕدەدات و بەردەوام بەبێ وچان پەلکێشـمان دەکات بۆ ئاوێتەبوون و تواندنەوە لەناو دونیای بەکارهێنان و خۆشـباری و لەزەت و چێژی کاتی و بێ سوودو سرکەر. لە ئاکامیشدا گۆڕەپانەکە بۆ میدیایەکی رواڵەتکارو بێ ئەرزش چۆڵدەبێت کە بە لێشاو وێنەی نابەجێ و نا ئینسـانی بەرهەمدەهێنێ کە وەک زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێ و ژنان و منداڵان و خاوەن پێداویسـتیی تایبەت و هەندێ کەمینەو پێکهاتەی ئیتنی و ئایینی تێیدا دەبنە قوربانی و دەبن بە ژێر دەست وپێی زۆرینەیەکی چەواشەکراوی فریودراوی دەستی میدیایەکی فریودەری بێ بەزەیی کە جگە لە بەرژەوەندیی دارایی خۆی، هیچ بەهایەکی تری ئینسانیی بەلاوە گرنگ نیە.

ڕەوتی جیهانگیریی میدیایی، لەهەوڵ و تەقەلای بێ وچاندایە بۆ سـەپاندنی پرنسـیپی لەیەکچوون هاوشـێوەکردن بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵـک لە هەموو دونیـادا ببنە کۆپیی یەکدی و لەیەکچوو، بەوەش کۆنترۆڵکردن و ئـاراسـتەکردنیـان لەلایەن زل هێزەکانەوە زۆر ئاسـانترو کەم خەرجی تر دەبێت. ئەوەش لەڕێی یەک ڕەنگکردنی ژیانی ڕۆژانەو حەزو خواست و خەیاڵدانی دەسـتەجەمعیی خەڵک و میللەتانی دونیاوە. لە ئاکامیشـدا بە (شـتکردن) و بە (کاڵاکردنی) خودی مرۆڤ و قۆرخکردنی هەموو کایەکانی ژیانی و تەنگ هەڵچنین بە بەها مرۆییەکان و بە ئاسـانی جێگرتنەوەیان. (البياتي، 71 / 10، 2010). ئەو ڕەوتە میدیـاییەی سـالانێکە فەزای ڕۆشـنبیریی جەمـاوەریی کوردسـتـانیشـی گرتووەتەوە، نزیکبۆتەوە لەوەی زۆر لە بەهـا ڕۆشنبیرییەکانمان بگۆڕێت بە (کاڵا) و قووڵبوونەوەو تێرامانی گۆڕییەوە بە (ڕووکەشگەرایی و ڕاگوزەرگەرایی) و کەلتوورێکی بە کاڵاکردن و بێ ئەرزشـکردنی ئەوتۆی بەرهەمهێناوە کە تەنها خزمەت بە بەرژەوەندییە داراییەکانی زلهێزە ئابوورییەکانی ناوخۆو دونیا دەکات.

بە تێگەیشـتنی توێژەر، بەرچاوترین لێکەوتەکانی میدیایەکی لەوجۆرە (کە ئێسـتا لە کوردسـتـان و عێراق و ناوچەکەدا نموونەیان زۆرە) ئەمانەن:

1. هەژموون و باڵادەسـتیی فەرهەنگی رواڵەتبازی وباقوبریق و درەوشـانەوەو نمایش و SHOW ی بێ ئەرزش لەسـەر حیسـابی فەرهەنگێک کە بایەخ بە ناوەڕۆک و بەهاو حیکمەت و جوانییە گەوهەرییەکان دەدات. بەوجۆرە وێنە جێ بە ڕاسـتی لەق دەکات و هۆشیارییەکی ساختەو پووچەڵ جێی هۆشیارییەکی ڕژد و قووڵ و سەنگین دەگرێتەوە. مرۆڤ لە مرۆیی دادەماڵێ و هێواش هێواش دەیکات بە شت بە کاڵا.

2. پاشەکشەی داهێنان وەک لێکەوتەیەکی ناچاریی باڵادەستیی فەرهەنگی (زۆری و بۆری) و(پڕو پووچی) و کۆپیکردن و سـاختەکاری و لاسـاییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕ (تێبینی: وشـەی پڕ لە ئیدیۆمی پڕوپووچ دا بە واتای زۆر هاتووە نەک بە مانای تێرو پڕ. بە شتێک دەگوترێ کە بە چەندێتی زۆرە بەلام بە چۆنیەتی پووچە).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

3. هەژموونی فەرهەنگی ئەستێرەسازیی لە هەموو بوارێكی سادەو بێ بایەخی ژیاندا (ئەستێرەی بواری فاشن و جلوبەرگ و مەیک ئەپ ئارتێست و خۆبادان و خۆراک درووستكردن و ڕێنومایيدەری بوارەكانی ستایلی ژیان و ئەتەكێت و هتد) بۆ پڕكردنەوەی كاتی شاشەكان.

4. هەژموون و باڵادەستیی فەرهەنگی دووبارەو چەند بارەكردنەوە، كە خۆی لەخۆیدا بكوژی داهێنان و ئەفراندنە. (عبد الحميد، 2005، ص 359)

ئەگەرچی بە هەوڵ و كۆششێكی زۆر توانراوە لەهەندێ بواری سیاسی و ئابووریدا ئاستێكی قبوڵكراو لە یەكسانی و دادپەروەری بۆ پرسی ژنان و كێشەو داخوازییە ڕەواكانیان بەدەسبهێنرێت، بەڵام ناتوانین چاوپۆشی لەو ڕاستییە تاڵەیش بكەین كە هێشتا ئەو هزرە وێنە كۆن و باوو نەرێتییە لە دونیای ئێمەدا بۆ مێینە لە زەین و خەیاڵدانی نێرینەدا زاڵە. هۆكاری سەرەكییش لەم لایەنەوە، ئەو ڕۆڵە نەرێنییەیە كە میدیای بینراو دەیگێڕێت. هێشتا لە پەیام و وێنەسازیی میدیادا، دۆزو كێشەو پرسی ژنان لەوە تێپەڕی نەكردووە كە دۆسێیەكی لاوەكییەو بایەخ و ئەرزشێكی ئەوتۆی نیەو شایانی ئەوە نییە وەک دۆسێیەكی پلە یەک گەوهەری مامەڵەی لەتەكدا بكرێت. (هادی، 2003). لەم چەند دەیەی دواییدا لەڕێی دراما دۆبلاژكراوو وەرگێڕدراوەكانەوە، كاریگەری و هەژموونی وێنەو وێناسازیی تەلەڤیزیۆن لە ڕووی چەسپاندن و دارشتنەوەی هزرو بەها كۆمەڵایەتییەكانەوە چەندین هێندەی جاران زیادیكردووە. (عبد الباسط، ص 23، ب.ت).

كاریگەریی نەرێنی و مەترسیداری وێنەسازیی میدیا لە ڕێی تۆخكردنەوەو چەسپاندنی هەندێ وێنەی باوی نادرووست و ناڕەوای ژنانەوەیە كە وەک بوونەوەرێكی كەم تواناو بێ ئیرادەو پاشكۆی پیاوان لەناو كۆمەڵدا، دەیانخاتە ڕوو. ئەو كاریگەرییەش لە سێ ئاستدا ڕەنگدەداتەوە: لە زەین و خەیاڵدانی پیاواندا كە گۆشكراوی پەروەردەیەكی كۆمەڵایەتی و ئایینی و میدیایی ئەوتۆن كە گوایا پیاوان بەهێزترو بەتواناترو لەپێشترو شایستەترن، هەروەها لە زەین و خەیاڵدانی ئەو سەدان هەزار ژنەی كە پەروەردەو كۆمەڵ و خێزانەكانیان سەرگەردان و بێ ئیرادەی كردوون و كۆیلایەتی و پاشكۆیەتییان لا پەسەندەو لاریيان لێی نیە. یان لە زەین و خەیاڵدانی ئەو منداڵ و هەرزەكارە نێرو مێیانەی كە نەوەی نوێی كۆمەڵ پێكدەهێنن و بڕوایەكیان لا دەچەسپێت كە ئەو وێنە میدیاییە بۆ ژن، ڕاستیەو بەدەرە لە گومان و پرسیاركردن. ئیدی نێرینەكانیان دەبنەوە بە كۆپییەكی دیكەی باوو باپیرانیان و مێینەكانیشیان دەبنەوە بە كۆپییەكی دایک و داپیرانیان كە بێ ئیرادەو ڕازیكراون بە پاشكۆیەتی و كۆیلایەتی. (جابر، 2003)

**باسی سێیەم**

**لایەنی مەیدانیی توێژینەوەكە:**

**1. ڕێكارەكان:** دوو فۆرمی جیاوازمان دارشت بۆ ڕووپێویكردنی هەردوو بابەتی پێگەو وێنەی ژن لە تەلەڤیزیۆنی كوردیداو دواتریش ماوەی 5 ڕۆژمان دیاریكرد بۆ چاودێریكردنی ناوەڕۆكی بەرنامەكانی هەریەكە لەو 6 تەلەڤیزیۆنە كوردییە (3 ی ئاسمانی و 3 ی لۆكاڵی) واتا لە ماوەی مانگی 8 ی 2022، چاودێریی هەر 6 كەناڵەكەمان كردووە. لەدوای سەرنجدان و تۆماركردنی تێبینی و كۆكردنەوەی داتاو كەرەسەی خاو لە چەندین بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیی جۆراوجۆرەوە، دەستمانكرد بە پۆلێنكردن و دابەشكردن و خشتەبەندكردنییان و دواجاریش ئەنجامەكانی ئەو ڕووپێوییەمان بە ژمارەو ڕێژەی سەدی و شیكردنەوەی پێویستەوە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا خستەڕوو.

فۆرمەكان چەند (كاتیگۆری – دەستە) یەكیان تێدا دیاریكرابوو، بۆ زانینی (ژمارەو جۆرو ژانری) ئەو بەرنامانەی لە نێوان كاتژمێر 8 ی ئێوارە تا 12 ی شەو پەخشدەكران كە، ژنان زۆرو كەم تیایاندا بەشداربوون. دەستەیەكیش بۆ دەسنیشانكردنی (بواری ئەو بەرنامانە) بوون كە ژنان بەشدارییان تێیدا كردبوو. دەستەیەكیش تایبەت بوو بە زانینی (پیشەو پێگەی كۆمەڵایەتیی) ژنە بەشداربووكان و دەستەیەكیش بۆ ئاشنابوون بە (پیشەی كارەكتەری ژن لە ناو دراماو شانۆیی و كلیپ و ڕیكلامەكان) دا. دوا دەستەیش بۆ زانینی (وردەكارییەكانی ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنیی) هەریەک لە ژانرە هونەری و میدیاییەكانی تەلەڤیزیۆنەكان بوو لە دارشتن و بەرجەستەكردنی وێنەو پێگەو ئاكاری كەسێتیی ژناندا.

**2. شیكاریی داتاكان:**

خشتەی 1 جۆرو ژانری ئەو بەرنامانەی چاودێریكراون و ژنان بەشدارییان تێیداكردووە

| پلەبەندی | جۆری بەرنامە | بەژمارە | بەرێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕیكلام | 400 | ٪63 |
| 2 | درامای دۆبلاژكراو بە ئەڵقە | 84 | ٪13 |
| 3 | كلیپ | 84 | ٪13 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٪7 | 42 | خۆشباری و کات بەسەربردن | 4 |
| ٪2 | 14 | شانۆو درامای کوردی بە ئەڵقە | 5 |
| ٪2 | 14 | دیدارو چاوپێکەوتن | 6 |
| 100% | 638 | کۆی گشتی | |

سەرنج:لەڕووی ئەکادیمییەوە هەر بابەتێک کە بە دەنگ و وێنە، یان بە هەر یەکێکیان لەسەر سکرین دەربکەوێت، ماوەکەی و ژانرەکەی هەر چەندێک و هەر چییەک بێت، بە بەرنامە هەژماردەکرێت.

خشتەی 1 پێمان دەڵێت: لە کۆی ئەو 638 بەرنامە تەلەڤیزیۆنیەی لە شەش کەناڵەوە بۆ ماوەی 5 ڕۆژ، چاودێریکراون (بە چاوپۆشی لە ماوەی پەخشەکانیان) 63% ی لەجۆری ریکلامی بازرگانی بوون، 13 % ی درامای دۆبلاژکراو بوون. کلیپ 13% و بەرنامەکانی خۆشباری 7 ٪ و هەریەک لە درامای کوردی و دیدارو چاوپێکەوتن بە ڕێژەی 2 ٪. هەڵبەتە ئەم داتایانە پەیوەندییان بە کاتی بۆ تەرخانکراوەوە نیە. لەم داتایانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پشکی شێر بەر ریکلامی بازرگانی و کەلتووری میللەتانی تر کەوتووە لەڕێی درامای دۆبلاژکراوی تورکی و کۆری و فارسی و هیندی و عەرەبییەوە. لاوازیی شانۆو درامای کوردی وایکردووە کە کەمترین پشکیان بەر ژنی کورد بکەوێت. سەرنجراکێشترین داتاش ئەو ڕێژە هەرە نزم و کەمەی بەرنامەکانی دیدارو چاوپێکەوتنە کە ژنانی کورد بەشدارییان تێداکردووە.

خشتەی 2 ئەو بوارانەی ژنان لە بەرنامەکانی دیدارو چاوپێکەوتندا بەشدارییان تێداکردووە

| بەڕێژەی سەدی | بواری دیدارو چاوپێکەوتنەکان | پلەبەندی |
|---|---|---|
| 35 | کۆمەلایەتی | 1 |
| 26 | هونەری | 2 |
| 20 | تەندروستی | 3 |
| 5 | سیاسی | 4 |
| 5 | وەرزشی | 5 |
| 5 | یاسا | 6 |
| 4 | ئابووری | 7 |
| 100% | کۆی گشتی | |

لە خشتەی 2 دا بۆمان دەردەکەوێت لە کۆی ئەو بەرنامە چاودێریکراوانەی ژنان تێیدا بەشداربوون کە تەنها 14 بەرنامە بوون، دابەشی سەر 7 بوار بوون: 35% کۆمەلایەتی، 26% هونەری، 20% تەندروستی، 5% بۆ هەریەک لە بوارەکانی سیاسی، وەرزشی و یاسا، 4% بۆ ئابووری. بەمەشدا بۆمان دەردەکەوێت هەر سێ بواری (کۆمەلایەتی و هونەری و تەندروستی) زۆرترین و بوارەکانی (سیاسەت، وەرزش، یاسا و ئابووری) کەمترین بەشیان بەرکەوتووە. لەکاتێکدا کە لەکۆمەڵی ئێمەدا، ژنان کۆڵەگەی ئابووریی ماڵی کوردستانین و ئابووریی ماڵیش بەردی بناغەی ئابووریی وڵاتە، کەچی دەرکەوتن وبەشداریی ژن لە تەلەڤیزیۆنی کوردیداو لەم بوارە گرنگە هەستیارەدا، زۆر کەمەو ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانە نییە. هەروەها دادوەرو یاساناس و چالاکی سیاسی و وەرزشوانی سەرکەوتووی ژنمان زۆرن کەچی وەک پێویست کات و دەرفەتیان بۆ نەڕەخسێنراوە کە تواناو بەهرەو کارامەییەکانی خۆیان لە ڕێی بەرنامەکانی چاوپێکەوتن و دیداری تەلەڤیزیۆنییەوە بخەنە خزمەتی کۆمەڵەوەو لەو گۆشەیەوە هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو وێنە شێواوەی ژنان بدەن کە شاشەی هەندێ لە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان دایانڕشتووەو بازاڕگەرمیی بۆ دەکەن.

خشتەی 3 پیشەو پێگەی ژنانی بەشداربووی بەرنامەکانی دیدارو چاوپێکەوتن

| بە ڕێژەی سەدی | پیشەو پێگەی ژنە بەشداربووەکان | پلەبەندی |
|---|---|---|
| 30 | پێشکەشکار یان پەیامنێری تەلەڤیزیۆنی | 1 |
| 26 | هونەرمەند | 2 |
| 15 | پزیشک | 3 |
| 12 | کارمەندی حکومی | 4 |

| | | |
|---|---|---|
| 5 | چالاكی مەدەنی | 10 |
| 6 | خانمی خاوەن كار | 3 |
| 7 | ژنی ماڵ و بێ كار | 3 |
| 8 | خوێندكار | 1 |
| | كۆی گشتی | 100% |

كاتێک لە پیشــەی ژنانی بەشــدارو دەركەوتووی ناو بەرنامەكانی دیدارو چاوپێكەوتن ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەكەوێت كە، ڕێژەی 30% ی ئەو ژنە بەشداربووانە، بریتین لە: خودی پێشكەشكارو پەیامنێری تەلەڤیزیۆنەكان، 70% یشیان دابەشی سەر چەندین پیشــەو پێگەی ئابووریی وكۆمەڵایەتیی تر بوون: هونەرمەند 26 ٪، پزیشــک 15 ٪ كارمەندی حكومی 12%، چالاكی مەدەنی 10%، خانمی خاوەنكار 3%، ژنی ماڵ و بێكار 3 %، خوێندكار 1%.

لەم خشتەیەشدا ستەمێكی تر دەبینیین كە لە ژنان كراوە؛ كەمترین دەرفەت بۆ ژنانی گوندنشین و جوتیارو ژنی ماڵ و بێكارو خوێندكار ڕەخساوە، لە كاتێكدا كە ڕاستییەكانی ژیانی كۆمەڵی كوردستانی پێمان دەڵێن ژنانی زەحمەتكیشی گوندنشین و ژنانی ناوماڵی شارنشین لە كۆمەڵی ئێمەدا زۆرینەن و پێویست بوو زۆرترین دەركەوتن و بەشدارییشیان لە بەرنامەكانی تەلەفیزیۆندا هەبووایە. هەروەها دەبوایە گرنگییەكی تایبەتی بدرێ بە خانمانی خاوەن كار كە ژمارەیان لە كۆمەڵی ئێمەدا كەم نیە.

خشتەی 4 پیشەی كارەكتەری ژن لە ناو دراماو كلیپ و ڕیكلامەكاندا

| پلەبەندی | پیشەی كارەكتەری ژن | بەڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1 | هونەرمەند | 27 |
| 2 | خاوەنكار | 18 |
| 3 | ژنی ماڵ | 15 |
| 4 | فەرمانبەری ئۆفیس | 13 |
| 5 | پزیشک | 12 |
| 6 | مامۆستا | 7 |
| 7 | خوێندكار، قوتابی | 5 |
| 8 | نێرس لە نەخۆشخانە | 3 |
| | كۆی گشتی | 100% |

لە خشــتەی 4 دا، بۆمان دەردەكەوێت كارەكتەری ژن لە دراماو شــانۆیی و كلیپ و ڕیكلامە تەلەڤیزیۆنییەكاندا، لەم پیشــانەدا خۆیــان دەبیننەوە: 27% كــارەكتەری هونەرمەنــدە، 18% كــارەكتەری خــاوەنكــارە، 15 % كــارەكتەری ژنی مــاڵە، 13% كارەكتەری فەرمانبەری ناوئۆفیسن، 12% كارەكتەری پزیشكن، 7% كارەكتەری مامۆستا، پاشان كارەكتەری خوێندكار 5%، دواتریش كارەكتەری نێرس لە نەخۆشـخانە 3 %. جێی سـەرنجی تویژەرە كە پیشـەكانی وەک (پارێزەری، دادوەری، كرێكاری و شۆفێری و خزمەتگوزاری و پۆلیسی و سەربازی و فرۆشیار) نابینرێن، كە لە ژیانی ڕاستیدا ئەو پیشانە بەشێكی ژنی وڵاتی ئێمەیان لەخۆگرتووە. ئەوەش بەڵگەیەكی ترە لەسەر ئەوەی كە ئەو دراما وشانۆو كلیپ و ڕیكلامانەی لە تەلەڤیزیۆنی كوردییەوە پەخشدەكرێن، ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕاستیی كۆمەڵی ئێمەو پێداویستییەكانی وڵات و قۆناغی بونیادنانی ئێمە نین.

خشتەی 5 وێنەی میدیایی (كەسێتی ژن) لە دراماو شانۆی و ڕیكلام و كلیپەكاندا

| پلەبەندی | وێنەی میدیایی كەسێتیی ژن | بەڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1 | سێكسی و مەكرباز | 20 |
| 2 | بەهێزو باوەڕ بەخۆبوو | 15 |
| 3 | پارەپەرست و هەلپەرست | 10 |
| 4 | فێڵبازو بێ بەڵێن | 10 |
| 5 | داهێنەرو هەڵكەوتوو | 10 |

| | | |
|---|---|---|
| 6 | بەخشندەو لەخۆبوردوو | 10 |
| 7 | شەڕانگێز | 10 |
| 8 | بێ هاوژین و داماو | 5 |
| 9 | ساویلکەو خۆشباوەڕ | 5 |
| 10 | قوربانی و کەم دەستەڵات | 5 |
| | کۆی گشتی | 100% |

لە خشتەی ژمارە 5 دا هەندێ ڕێژەی سەرنجڕاکێشی ئەو وێنە میدیاییە دەبینیین کە بۆ (کەسێتیی) ژن لە سامپڵەکەی بەردەستماندا داڕێژراوەو لە 10 مۆدێلدا بەرجەستەبووە بەم شێوەیە: سێکسی و مەکرباز 20 %، بەهێزو باوەڕ بەخۆبوو 15 %. پارەپەرست و هەلپەرست 10 % فێڵبازو بێ بەڵێن 10 % داهێنەرو هەڵکەوتوو 10 %، بەخشندەو لەخۆبوردوو 10 % شاڕانگێزو دەمەوەر 10%. بێ هاوژین و داماو 5 %، بۆ هەریەک لە ساویلکەو خۆشباوەڕ، قوربانی و بێ دەستەڵات 5 ٪. هەڵبەتە پشکی شێری ئەو مۆدێل وتایپی کەسێتییانە لە دراما دۆبلاژکراوەکاندا بەرجەستەکراون.

خشتەی 6 خەسڵەتە بەرچاوەکانی وێنە میدیایی ژن لە بەرنامەکاندا

| جۆری بەرنامە / خەسڵەتی ژن | درامای دۆبلاژکراو | درامای کوردی | کلیپ | دیدارو چاوپێکەوتن | خۆشباری | ڕیکلام | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەخشندە و میهرەبان | 29 % | 8 % | 21 % | 17 % | 4 % | 21 % | 100% |
| شەڕانگێزو دەمەوەر | % 58 | 27 % | X | 5 % | 10 % | x | 100% |
| بێ هاوژین و داماو | 81 % | 7 % | X | 6 % | 6 % | x | 100% |
| پارەپەرست و هەلپەرست | 90 % | 5 % | X | X | x | 5 % | 100% |
| بەهێزو بڕوابەخۆ | 4 % | 6 % | 17 % | 41 % | 21 % | 11 % | 100% |
| فێڵبازو خۆپەرست | 81 % | 9 | 5 % | X | 5 % | x | 100% |
| قوربانی و بێ دەستەڵات | 42 % | 8 | 25 % | 17 % | 8 % | x | 100% |
| داهێنەر و هەڵکەوتوو | 11 % | X | 18 % | 25% | 10 % | 36 % | 100% |
| سێکسی و مەکرباز | 18 % | X | 40 % | X | 10 % | 32 % | 100% |
| ساویلکە و خۆشباوەڕ | 20 % | 27 % | 20 % | X | 13 % | 20 % | 100% |

کە سەرنجی دوایین خشتە دەدەین، دەبینیین وێنەی میدیایی ژنان لە دراما دۆبلاژکراوەکاندا بەڕێژەی بەرزو بەرچاو مرۆڤێکی خاوەن خەسڵەت و ئاکاری خراپ و نەخوازراوو نەرێنییە.. ئەوەتا: 90% ی ژنی خاوەن کەسێتیی (پارەپەرست) و 58% ی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

(شـــەڕانگێز)، 81% ی (فێڵبـاز)، 20% ی (ســــاویلكە)، 18% ی (ســـێكســـــی وەمەكربـاز) لە دراما دۆبلاژكراوەكـانەدا بەرجەستەكراون.

لەپاڵ ئەمەشـدا دەبینین: 27% ی كارەكتەری (سـاویلكە) و 27% ی (شـەڕانگێز). 9% ی كارەكتەری (فێڵباز) لەدرامای كوردیشـدا ویناكراون. كارەكتەری ژنی بەخشـندە 8 ٪ و داهێنەریش هیچ بەشـێكی نیەو كارەكتەری ژنی (بەهێز) یش كەمترین ڕێژەی بەدەسهێناوە كە دەكاتە 6 %.

وێنەی میدیایی ژنی (ســێكســـی و مەكرباز) لەم بەرنامانەدا بەم ڕێژانە دابەشـــبووە: كلیپ 40%، ڕێكلام 32%، درامای دۆبلاژكراو 18%، خۆشباری و كاتبەسەربردن 10%.

ئەو ڕێژانەش كە جێی دڵخۆشیی و سەرنج و لەسەر ڕاوەستان و هاندانن، ئەمانەن:

ڕێژەی كـارەكتەری ژنی بەهێز 41% و ڕێژەی كـارەكتەری ژنی داهێنەر 25% لە بەرنـامەكـانی دیدارو چـاوپێكەوتنـدا دەرفەتییان پێدراوە. هەروەها بە ڕێژەی 21 % لە بەرنامەی خۆشباری و ڕێژەی 17% لە كلیپدا وێنەیان داڕێژراوە.

ئەوەی زۆر جێی ســەرنجیشــە، بەرزیی ڕێژەی كارەكتەری ژنی بەخشــندە 21% و ژنی داهێنەر 36%، سـێكسـی 32%، سـاویلكە 20% لە ناو ڕیكلامدا. لە كلیپەكانیشـدا بەرزیی ڕێژەی كارەكتەری ژنی سـێكسـی 40%، قوربانی 25%، بەخشـندە 21%، ساویلكە 20% مایەی تێرامانن.

**ئەنجامەكان:**

1. وێنەی ژن لە بەرنـامەكـانی تەلەڤیزیۆنی كوردیدا، تـا ڕادەیەكی زۆر شــــیوێندراوەو بەڕێژەیەكی بەرز دەركەوتنەكانی لە چوارچێوەی بەرجەســتەكردنی خەســڵەتەكانی (شــەڕانگێزی، پارەپەرســتی، ســێكســی وەمەكربازی، فێڵبازی، ســاویلكەییدا) گیریخواردووەو لێی دەرناچێت، كەمتر و نزمتر لەو ڕێژەیەش بۆ بەرجەســـتەكردنی خەســـڵەتەكانی (بەخشـــندەیی، داهێنان و بەهێزی) تەرخانكراوە.

2. لە زۆربەی ڕیكلام و كلیپ و دراما دۆبلاژكراوەكاندا، وێنەی ژن لە جەسـتەیەكی سێكسـی و خۆ ڕازاندنەوەو ڕاكێشـانی سەرنجی پیاواندا كورتكراوەتەوە.

**دەرئەنجام:**

1. تەلەڤیزیۆنی كوردی بەبێ خودسانسۆرو فلتەری ئیتیكی، بووەتە داڕێژەری سەدان وێنەی میدیایی لە گشت كایەكانی ژیان و هزرینماندا. كۆی ئەو وێنە میدیاییانە لە سیستمێكی ئاڵۆزی بەهاو پرنسیپەكانی سـەردەمی پووچگەراییدا جێیان بۆ كراوەتەوە. تەوژمی ئەو وێنە میدیاییانە پێكڕا هەژموونێكی هزریی مەترســـیداریان خوڵقاندووە. ئەو تەوژمە بە بەردەوامی دیاردەی زۆر نەرێنیيان لە ژیان و جیهانبینیماندا لێی دەكەوێتەوە.

2. تەلەڤیزیۆنی كوردی ساڵانێكە خەریكی شێواندنی ڕاستییەكان و داڕشتن و ئەندازەسازیی پێگەو وێنەیەكی میدیایی نەرێنی و ناڕەوایە دەرهەق بە ژنان. كە ئەوە خۆی لەخۆیدا ســتەمێكی گەورەیە لە مرۆڤبوونی ژنان دەكرێت چونكە دەهێنرێنە ئاســتی كاڵایەك بۆ تێركردنی ئارەزووە سێكسییەكانی پیاوان.

3. پێگەی ژن لە سـەر شاشـەی تەلەڤیزیۆنی كوردی، بە شێوەیەكی گشتی لاوازەو دەركەوتنی پێشكەشـكارو پەیامنێرەكان و كـارەكتەری درامـا دۆبلاژكراوەكـانی لێ دەركەین، ژن دەرفەتێكی كەمی دراوەتێ وەك قســــەكەرو میوان لە بەرنـامەكـانی تەلەڤیزیۆنی كوردیدا دەركەوێت.

**ڕاسپاردەو پێشنیاز:**

ڕاسپاردەی تویژەر ئەوەیە كە ئەنجامەكانی ئەم رووپێوییە ببێتە هاندەرێک بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكانی وەک (تۆڕی هاوبەشی ڕێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان، وەزارەتی ڕۆشـــنبیری و لاوان، ئەنجومەنی باڵای خانمان) بەدواداچوونی زیاتر بكەن بۆ ئەو وێنە میدیاییە شـــێواوەی ژنان كە تەلەڤیزیۆنە كوردییەكان بەرهەمی دەهێنن. هەروەها تویژەر پێشـــنیاز دەكات ســـەنتەرەكانی توێژینەوەو ئەكادیمییەكانی كوردســـتان قوڵترو گشـــتگیرترو وردتر لە پرســـی پێگەو وێنەی ژن لە میدیای كوردیدا، بكۆڵنەوەو ڕاسپاردەی كردارەكی بدەن بە حكومەت و دەزگاكانی ڕاگەیاندنی كوردستانی.

**سەرچاوەكان:**

1. د. شاكر عبد الحميد، عصر الصورة- السلبيات الايجابيات، عالم المعرفة، العدد ٣١١، المجلس الوطني للثقافة والفنون، الكويت، 2005، ص 359.
2. د. عاطف عدلي العبد، الاتصال والراي العام، دار الفكر العربي، القاهرة 1993.ص 245.
3. عبد الباسط سلمان: عولمة القنوات الفضائية، الدار الثقافية للنشر، دون سنة، ص 23



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

4. د. ياس خضير البياتي، المجتمع الخليجي وأشكاليات تأثير الصورة المتلفزة،مجلة الباحث العلمي العدد 8، 2010. ص 71.
5. جابر عصفور: المرا ة والإعلام، مقال صدر بجريدة الحوار المتمدن الإلكترونية، العدد: 412 بتاريخ 1مارس 2003، www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=996
a. www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=1079:
6. ماريو أنور(2005/9/15م): المرأة في الإعلام والإعلان , الحوار المتمدن - العدد:1318 ((www.rezgar.com مجلة الكترونية.
7. هادي محمود: العنف ضد النساء، مقال صدر بجريدة الحوار المتمدن الإلكترونية، العدد 417، 8.3.2003
8. يوسف مكي،2005، الواقع الاجتماعي للمرأة السعودية، هموم ومشاكل في انتظار الحل، ورقة مقدمة للقاء الثالث للحوار الوطني المنعقد بالمدينة المنورة. (www.arabrenetwal.com)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034